**Message for World Theatre Day 2023 – 27 March**

**Author of the Message: Samiha AYOUB, Egypt**
Egyptian actress

Kurdish/ Sorani

---

سەمیحە ئەیوب
خانمە ئەکتەری میسری

خانمە ئەکتەری میسری، سەمیحە ئەیوب، لە گەڕەکی شبرای شاری قاهیرە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٣ پەیمانگەی باڵای هونەرە دراماتیکییەنی تەواو کردووە، کە تیایدا لەلایەن هونەرمەندی شانۆکار زەکی تلێماتەوە وانەی پێگوتراوەتەوە. لە کاروانە هونەرییەکەیدا بەشداری لە نزیکەی ١٧٠ شانۆگەریدا کردووە، لەوانە (رابعة العدوية، سكة السلامة، خوێن بە پەردەکانی کەعبەوە، ئاگا مەمنون، بازنەی تەباشیری قەوقازیی). هەرچەندە کارە شانۆییەکانی زۆرترین ڕووبەری کارە هونەرییەکانی داگیر کردووە، بەڵام بەشدارییەکی زۆریشی لە سینەما و تەلەفزیۆندا هەبووە. لە سینەمادا لە ڕێگەی چەندین فیلمەوە دەناسرێت، لەوانە (أرض النفاق، فجر الاسلام، مع السعادة، بين الاطلال) هەروەها لە تەلەفزیۆنیشدا چەندین بەرهەمی دیار و بەرچاوی پێشکەش کردووە کە گرنگترینیان بریتین لە (الضوء الشارد، أوان الورد، أميرة فی عابدين، المصراوية). چەندین ڕێزلێنانی لەلایەن چەند سەرۆکێکەوە وەرگرتووە، لەوانە جەمال عەبدول ناسر و ئەنوەر سادات، هەروەها سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد و (گیسکارد دیستەینگ)ی فەرەنسی.

Translated to Kurdish/ Sorani by [Rzgar Hama]
Artistic Director of [Sky Theatre Group]